گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# چەمکە زۆر باوەکانی خوازە

**بنار عبد الجبار جميل**
بەشی کوردی، کۆلێژی بەروەردەی بنیات، زانکۆی صلاح الدين، هەولیر، هەریمی کوردستان، عیراق.
bnarjabar33@gmail.com

**پ. ی. د. عمر محمود كريم**
بەشی کوردی، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆي کۆیە، هەولیر، هەریمی کوردستان، عیراق.
Omar.Mahmood@Koyauniversity.org

## پوختە

ئەم لێکۆڵینەوەیە کە بەشێکە لە تێزی دکتۆرا کە بە ناونیشانی: (خوازەی چەمکی لە زمانی کوردی)دایە، لەژێر ناونیشانی: (چەمکە زۆرباوەکانی خوازە)یەو سەرنجمان خستوەتە سەر چەند چەمکێک کە لە خوازەدا زۆرباون و ناتوانرێت پشتگوێ بخرێن و تێدا ڕێگای لێکۆڵینەوەی جۆرج لاکۆف و مارک جۆنسن بەکارهاتووە بۆ دەستنیشانکردنی داتاکانیش لە ئاخاوتنی ڕۆژانە وەرگیراوە، زۆربەی زانا کۆنەکان پێیان وابوو کە جیاوازی هەیە لە نێوان ڕاستی دەقاودەق و ناڕاستی دەقاودەق و خوازەیان بە هێمایەکی ئەدەبی و دابڕێنراو لە زمانی ڕۆژانە داناوەو بۆ تێگەیشتن لە چەمکەکان بەشێوەیەکی دابڕێنراو لە کۆنتێکست جیا کراوەتەوە بۆ دیاریکردنی واتاکانیان.

لەم لێکۆڵینەوەیەدا دەمانەوێت بیسەلمێنین کە هیچ جیاوازییەک لە نێوان زمانی هۆنراوەو زمانی ڕۆژانەدا نییە، تەنیا زمانی هۆنراوە دەوڵەمەندترە بە خوازەو ناتوانرێت بۆ تێگەیشتن لە واتای چەمکەکان دابڕێنرێت لە کۆنتێکست، گرنگی ئەم لێکۆڵینەوەیە لەوەدایە کە هەموو بیروبۆچوونەکان ڕەتدەکاتەوە سەبارەت بەخوازە وەک ئامرازێکی ئەدەبی و چەندین چەمکی زۆر باومان هەیە لە خوازەدا کە بەشێکی فراوانیان لە ئاخاوتنی ڕۆژانەدا داگیر کردووە.

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٢/٧
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٣/٨
بڵاو کردنەوە: پایز ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان**
*Metaphor, Conceptual Metaphor, Meaning of expressions, Context, Abstract*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.7.3.3

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. پێشەکی:

گرنگی خوازە بۆ زمانی مرۆڤ و درکپێکردن ناکرێت زێدەڕۆیی لەسەر بکرێت، ئەم گرنگییە بەجوانی لەلایەن (Malotki, 1983, 13) ئاماژەی پێکراوە کاتێک کە دەڵێت: مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستیدا ڕووبەڕووی چەندین دیاردەی بگۆڕ (لەگۆڕاندا) دەبێتەوە: بگرە لە سروشت تاکو دەستکردی مرۆڤ، تاکو خەیاڵ، تاکو ئەبستراکت. تێگەیشتن لە ناوەڕۆکێکی ئاوا فراوان لە ڕاستی و ناڕاستی پێویستی بە زمانە. زمان ئەو ئامرازەیە کە ڕێگە بە مرۆڤ دەدات سەرمایەیەکی زارەکی لە ئەزموونی بابەتیانەو زەینی هەڵگرێت لە هەوڵدانی بەردەوامی مرۆڤ بۆ بە چەمک کردن و دەربڕینی جیهانێک کە هەرگیز بە تەواوی ناناسرێت. زمان ناوەندگێڕێگی پێویستە. زمان ئامرازێکمان دەخاتە بەردەست کە پێکهاتووە لە میکانیزمی چارەسەرکەر کە خوازە یەکێکە لەو میکانیزمانە کە لە هەموویان بەهێزترو بەسوودترە(Malotki, 1983)،

خوازە وادیارە کە نەک تەنیا دەستی بەسەر جیهانی مرۆڤایەتیدا گرتووە، بەڵکو بەسەر جیهانی کۆمەڵایەتی و زانستی سروشتیشدا گرتووە(Ning, 1998, 4).

## 1 - چەمکی کات لە خوازەی چەمکی:

بەشێک لە چەمکی کات پاڵپشتی کراوە لە ڕێگای ئەزموون و نواندنی ئێمە لە جووڵە لە نێوان فەزادا. لاکۆف دەڵێت: "کە خاڵی جۆراوجۆری ڕوانگە پەیوەستە بە دەربڕاوی نیشاندەر بە بواری کات بەهۆی ئەم خوازەی چەمکی گشتی، (تێپەڕبوونی کات جووڵەیە بە ناو فەزادا. بە واتایەکی تر بەشێکی کات پێکهاتووە لە نواندنی فەزایانە کە لەسەر بنەمای ئەزموونی هەستی جووڵەییە( Lakoff & Jonson, 1999)، نمونە:

1. ئێمە وا لە نەورۆز نزیک دەبینەوە.
2. پاییز لە دوای هاوین دێت.

لە نموونەی یەکەم نەورۆز داهاتووەو جێگیرە و ئێمە لە جووڵە داین و بەرەو نەورۆز دەڕۆین. بەڵام لە نمونەی دووەم پاییز لە جووڵە دایەو لە دوای هاوین دێت کاتێک کە لەگەڵ هاوین بەراورد دەکرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لاکۆف و جۆنسۆن پێیان وایە کە ئەم خوازە[1] چەمکییە، خوازەیەکی سەرەتایی گشتییە، کە لە زۆرینەی زمانەکانی جیهاندا بەدیدەکرێت، بەم شێوازە بواری کات و بواری فەزایانەی ڕاستەقینە، وەکو لەنێو شەمەندەفەردا بوون کە لە ڕۆیشتن دایە، وەستان لە ڕیزی قاوەخانەیەک یاخود سیناریۆی خەیاڵی فەزایانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر خوازەی کاتی فەزایانە کە مرۆڤ بەکاریان دێنێت(Boroditsky & Ramscar , 2002, 185).

ڕاستیەکی ئاشکرایە کە مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان کات لە ڕێگای فەزا بە چەمک دەکەن، لە زۆرێک لە کەلتوورەکان کات بە هەردوو شێوازی جێگیر و جوڵاو سەیر دەکرێن، کاتێک بە شێوازێکی جێگیر سەیر دەکرێت، بۆ نموونە: داهاتوو لە پێشمانە، ڕابردوو لە پشتمانە و ئێستا لە ناوی داینە.

لاکۆف و جۆنسۆن ئەم خوازەیە بە خوازەی ڕێکخستنی کاتی ناو دەبەن: داهاتوویەکی باش چاوەڕێت دەکات.

## 2- خوازەی چەمکی هەست و سۆز:

(هەست و سۆز گوشاری ناوەکی دەفرێکە)

لە بابەتی هەست و سۆز گوشاری ناوەکی دەبێتە هۆی دروستبوونی دوو خوازەی چەمکی تر: (مرۆڤەکان دەفرن، هەست و سۆز ماددەیە لەنێو دەفرێکدا).

لێرەدا دەفرەکە بۆ هەست و سۆز جەستەی مرۆڤە و ماددەکەش شلەمەنیەکی تایبەتە، لەم خوازەیە ڕێژەی ماددەی هەست و سۆز لەوانەیە لەنێو دەفرەکە بەرز بێت، لەوانەیە گوشارەکە زۆر بێت و ماددەکە لەنێو دەفرەکەدا بێتە دەرەوە، ئەگەر ماددەکە لەنێو دەفرەکە کەم بێت گوشارەکەش کەم دەبێت.

کاتێک کە گوشارەکە زۆرەو ماددەکە دەرژێت جەستە کاردانەوەی دەبێت بۆ نموونە: بەسەر هەستەکانیدا زاڵ نەبوو(lilia, Albertazi, 2000).

[1] بڕوانە: عبدالمناف بەکر ڕەمەزان (٢٠١٧)؛ هەرێم عوسمان (٢٠١٣)؛ بەکر عومەر علی (٢٠٠٠)، (٢٠١٤)؛ گوڵچین عزیز محمدامین؛ هەڵمەت سەردار عومەر (٢٠١٣).

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەست و سۆز کە چەمکێکی ئەبستراکتە گرنگترین ئەزموونی مرۆڤە، کە ڕەگ و ڕیشەی بنچینەیی لە ئەزموونی فیزیایی و هزریی مرۆڤدا سەرچاوەی گرتووە، خوازەی دەفر زیاتر بۆ جەستەی مرۆڤ بەکارهاتووە، بۆ نموونە: دڵ، مێشک، خوێن و خودی جەستە، بۆ نموونە: دڵ دەفرە بۆ خۆشەویستی، خۆشەویستی شلەمەنییە لەنێو دەفر، بۆ نموونە:

1. تەنها ئەو لەنێو دڵیدایە.
2. دڵی لە خۆشەویستی ئەو پڕە.
3. پڕ بە دڵ خۆشی دەوێت.
4. ئەو هەمیشە لە مێشکیدایە.
5. خۆشەویستی ئەو لە خوێنیدایە.
6. کەوتووەتە نێو دونیای دڵداری.

لە ڕستەی یەکەمدا خوازەی چەمکی دڵ دەفرە، لە ڕستەی دووەمدا خۆشەویستی شلەمەنیە لەنێو دەفرێکدا، لە ڕستەی سێیەمدا دڵ دەفرە، لە ڕستەی چوارەمیشدا هزرو مێشک دەفرە، لە ڕستەی پێنجەمدا خوێن دەفرە بۆ خۆشەویستی، لە نموونەی شەشەمیشدا خۆشەویستی دەفرە.
لە دەربڕینی شەشەم خۆشەویستی لە دەرەوەی جەستەی مرۆڤە، دونیای خۆشەویستی و دڵداری وەکو تەڵەیەک وایە کە مرۆڤ وەکو نێچیرێک دەکەوێـتە نێو ئەم تەڵەیە.
لە چەمکی خۆشەویستی وەکو شەڕیش دەتوانین تێبگەین، بۆ نمونە هەست و سۆزی منت داگیرکرد، داگیرکردن تەنها لە شەڕ ڕوودەدات، هەربۆیەش لێرەدا هەست و سۆز لەسەر بنەمای خوازەی چەمکی خۆشەویستی شەڕە بە چەمک کراوە.

چەندین خوازەی چەمکی تر لەسەر خۆشەویستی لە زمانی کوردیدا بەدی دەکرێت وەکو:
1. خۆشەویستی ئاگرە.
2. خۆشەویستی شێتیە.
3. خۆشەویستی سەفەرە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بۆ نموونە کە دەڵێین ئەشقت ئاگرێکە بە هیچ ناکوژێتەوە کەواتە (خۆشەویستی ئاگرە)، عەشقت شێتی کردم (خۆشەویستی شێتیە)، خۆشەویستیت منی بەرەو کوێ بردووە (خۆشەسەویتی سەفەرە).

## 3ـ خوازە لەنێو کەلتووردا:

پەیوەندی نێوان خوازەو کەلتوور چیە؟ ئەگەر بەکورتی وەڵام بدەینەوە دەتوانین بڵێین پەیوەندی زۆریان هەیە، بۆ نمونە لە قوتابخانەدا کاتێک دەرسی هۆنراوەمان هەبوو و هۆنراوەی هۆزانڤانانمان دەخوێند زۆر شت لەبارەی خوازە فێربووین کە لەنێو هۆنراوەکاندا بەدی دەکران، دەزانین کە هۆنراوەش پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە کەلتوور کە هۆنراوە هەیەتی. کەواتە خوازەش هەمان پەیوەندی هەیە بە کەلتوور کە هۆنراوە هەیەتی، هەروەها خوازە لە دیدێکی کۆن وەکو جوانکاری و ڕازاندنەوەی هۆنراوە سەیر کراوە، هەرچەند ئەو پەیوەندیەی کە دەمانەوێت باسی بکەین زۆر لەمە قووڵتر و بنچینەیی ترە کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆی کرد.

ئێمە دەتوانین کەلتوور بە کۆمەڵێک لە تێگەیشتنی هاوبەش کە گرووپێکی بچووک یاخود مەزن بە یەکەوە هەیانە پێناسە بکەین، ئەمە پێناسەیەکی ئاسانی کەلتوورە کە کەلوپەل و دامەزراوەو ڕووداو و کردارەکان لەخۆدەگرێت.

(Lakoff & Johnson, 1980) پێیان وایە کە خوازە لە سەرەتادا لەنێو زمان دەرناکەوێت، بەڵکو لەنێو هزر و بیری مرۆڤدا دەردەکەوێت، کەواتە پێیان وایە کە ئێمە لە ژیان تێدەگەین لە ڕێگای خوازەوە، خوازە تەنها بۆ قسەکردن نییە، بەڵکو بۆ تێگەیشتنە.

لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت، کە تا چ ئاستێک خەڵکان خوازەی هاوبەشیان هەیە؟ بۆچی خوازە گشتگیرە؟

ڕوانگەی درکپێکردنی خوازە بەهێز و دەوڵەمەندە، لەنێو ئەم ڕوانگەیەدا لە خوازە لە چەندین ئاستی پەیوەست بە یەکتر تێدەگەین، لەوانەیە سەرەکیترین بیرۆکە ئەوە بێت، کە هزری خوازەی لەسەر بنەمای ئەزموونی جەستەیی و چالاکی دەماری لەنێو مێشکدا بێت. ئەم بیرۆکە کە کلیلی وەڵامی ئەم پرسیارەیە. بۆچی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ بیردۆزی خوازە ئاشنان، چاوەڕێ دەکەن کە زۆرینەی خوازەکان گشتگیربن؟ وەڵامەکە ئەوەیە، کە ئەگەر خوازە لەسەر بنەمای جەستەیی مرۆڤ و چالاکی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێشک بنیات نراوە و ئێمەی مرۆڤ هەمووومان وەک یەکین لە ئاست ئەم چالاکییە، کەواتە دەبێت زۆرینەی ئەو خوازانەی کە بەکاریان دێنین لێکبچن و گشتگیر بن بەلای کەم لە ئاستی بە چەمک بووندا. هەرچەند کە دەبێت بڵێین کە وانیە و خوازەکان جیاوازیشیان هەیە لە تەنیشت خوازە گشتگیرەکاندا. بەلایەنی کەم هەندێک لە خوازەکان لە زۆرێک لە زمانەکاندا بەدیکراوە، کە پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، ئەگەر سەیری نموونەکان بکەین ئەو هەستەمان لا دروست دەبێت، کە جۆراوجۆری خوازە لەنێو زمانەکاندا بەدیدەکرێت، بەڵام لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، کە هەندێک خوازەی چەمکی تایبەت گشتگیرن، یاخود نزیک گشتگیرن، بە تایبەتی ئەوانەی کە خوازەی سادەو سەرەتایین، هەروەها ئەو خوازە ئاڵۆزانەی کە لەسەر بنەمای ئەزموونی جەستەی مرۆڤ بنیات نراون. تورەیی یەکێکە لەو خوازانەی کە پێشتر ئاماژەمان بۆی کردووەو نموونەی زۆرمان لەسەر هێناوە کە لە چەندین زماندا بوونیان هەبوو، کە خوازەیەکی ئاڵۆزە و لەسەر بنەمای ئەزموونی جەستەیی پێکهاتووە، چەندین جۆری بەچەمککردن، لەنێو زمانەکاندا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە هەندێکجار بواری سەرچاوەکە لە زمانێکدا، بۆ بواری ئامانج بەکارهاتووە، لە زمانێکی تر جۆرێکی تر لە بواری سەرچاوە بۆ هەمان بواری ئامانج بەکارهاتووە، بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی:

(the solution of my problem) چارەسەری کێشەی من لە زمانی فارسی بە (حلال مشكلات من)، کە وشەی (حلال) لە زمانی فارسی بە واتای گیراوەیەکی کیمیاییە کە ماددەیەک لە ناوی دەتوێتەوە، واتە بواری سەرچاوە لە زمانی فارسی لە زمانی کوردی جیاوازە.

ڕاستیەکی ناسراوە کە دەربڕینی خوازەیی دەکرێت لە زمانێک بۆ زمانێکی تر، وەربگێڕدرێت بە چەندین شێواز، چۆن دەتوانین دیاریبکەین، کە واتای دەربڕینێکی تایبەتی خوازەیی لە زمانێک هاوتاکەی چییە لە زمانێکی تردا؟ بۆ وەرگێڕان دەبێ ڕەچاوی چەند خاڵێک بکەین: ١ـ ئایا خوازەکان لە هەردوو زمان یەک واتایان هەیە یان جیاوازن؟ ٢ـ ئایا واتای دەقاودەقی هەردوو دەربڕینەکە یەک شتە یاخود جیاوازە؟ بۆ نموونە سەیری خوازەی چەمکی (کات پارەیە) بکە: ئایا لە زمانەکانی تریش هەمان خوازەمان هەیە بۆ نموونە لە زمانی ئینگلیزی (time is money) دەربڕینی خوازەیی کات لە زمانی کوردی: ((تۆ کاتم بەفیڕۆ دەدەی))، لە زمانی ئینگلیزیش هەمان ئەو وشانە بەکارهاتوون ( you are

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(wasting my time)، لە زمانی هەنگاریش بە هەمان شێوە بەکارهاتووە، یاخود نموونەیەکی تر لە دەربڕینی کات: (کاتم بۆت نیە) لە زمانی ئینگلیزی دەڵێت:
(I don't have time to give you) (کاتم نیە بیدەم بە تۆ)، کەواتە لێرە ((کات کەلوپەلە)) ئەو خوازەیەیە کە بەکارهاتووە، بەڵام لە زمانی هەنگاری وەکو زمانی کوردی دەڵێن: (کاتم نیە بۆ تۆ)، لە زمانی کوردی دەڵێن بۆ کات کوشتن یاخود کات بەسەر بردن، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی دەڵێن بۆ کات سەرف کردن، کەواتە لێرەدا خوازەکەش دەگۆڕدرێت، لە زمانی کوردی خوازەی چەمکی (کات زیندەوەرە) بەکارهاتووە، بەڵام لە زمانی ئینگلیزی (کات پارەیە) بەکارهاتووە، لە زمانی هەنگاریش دەڵێن کاتت بەچی پڕ دەکەی؟ خوازەی چەمکی (کات دەفرە) بەکارهاتووە.
هەروەک لە نموونەکانی سەرەوە دەردەکەوێت کە لە کەلتوورەکان هەندێکجار لێکچوون هەیەو هەندێکجار بە شێوازێکی جیا خوازەکان بەکاردێن.
لە زمانی کوردی دەڵێن: ((ئەو تینووی دەسەڵاتە))، کەچی لە زمانی ئینگلیزی دەوترێت: ((ئەو برسی هێزە))، کە هەردوو دەستەواژەکە لەسەر بنەمای خوازەی چەمکی و مەیل و ((خواستن برسییەتی و تینوویێتییە)) هاتوونەتە کایەوە.
بەکارهێنەرانی هەر زمانێک ژمارەیەکی زۆر لە خوازە بەکاردێنن کاتێک لەگەڵ یەکتری دەکەونە نێو گفتوگۆ، ئەم جۆرە خوازانە لەوانەیە لە هەر زمانێک جیاواز بێت لە زمانێکی تر، بۆ نموونە سەرفکردنی کات، کاتێک دەڵێین: کاتت بە شتی پوچ سەرف مەکە، یاخود کوشتنی کات: کاتەکەت بەم شتانە مەکوژە (کات مرۆڤە)، لە زمانی هەنگاری دەڵێن: کاتت بە شتی پوچ پڕ مەکە (کات دەفرە).
ئەو وێنەیەی کە هەر زمانێک و کەلتوورێک بەکاری دێنێت لەوانەیە جیاواز بێت لە زمان و کەلتووری تر، لەوانەشە لێکچوونێکی زۆر هەبێت لە نێوانیاندا، هەربۆیەش لەوانەیە لە خۆمان بپرسین ئایا هیچ خوازەیەکی گشتیمان هەیە کە لە هەموو زمانێک و کەلتوورێک وەک یەک بن؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لەوانەیە قورس بێت، چونکە زیاتر لە شەش هەزار زمانمان هەیە لە جیهاندا. بەڵام بەپێی هەندێک لێکۆڵینەوە دەرکەوتووە، کە زۆر خوازەی چەمکیمان هەیە، کە لە چەندین زماندا بوونی هەیە، هەربۆیەش دەرکەوتووە، کە خوازەی چەمکی گشتی، یاخود نزیک گشتی لە زۆرینەی زمانەکاندا بوونی هەیە(Koevecses, 2016, 4)، بەڵام چۆن دەکرێت، کە خوازەی چەمکی وەکو یەک یاخود نزیک لە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

یەک لە زۆرێک لە زمانەکاندا بەدی بکرێن؟ هۆکارەکەی دەکرێت وا دابنرێت، کە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمانەکان لەوانەیە خوازەیان لە یەکتر وەرگرتبێت، واتا لە زمانێک بۆ زمانێکی تر گواسترابێتەوە، ئەگەرێکی تر ئەوەیە کە لەوانەیە هەر بە ڕێکەوت ڕوویدابێت، کە خوازەکان وەکو یەک بن، یاخود دەکرێت بنچینەیەکی گشتی لە ئارادابێت. باشترین هەڵبژاردن ئەوەیە کە بنچینەیەکی گشتی ئەزموونی جەستەیی لە هەموو زمانەکان هۆکار بێت بۆ ئەم گشتگیرییە(Koevecses, 2016, 5)

ڕوونە کە هۆکاری ئەم گشتگیرییە دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی جەستەی مرۆڤ، کە لە هەموو جیهاندا ئەم ئەزموونە هەیە و هەموو مرۆڤەکان ئەزموونێکی هاوبەشیان هەیە، کە بووەتە هۆی هەبوونی خوازەی گشتگیر یاخود نزیک گشتگیر.

(Wierzbicka, 1995) دەڵێت: کە تاخمێکی بچووک لە خوازەی سەرەتایی گشتگیر هەن کە لە ڕێگای ئەوان زۆرینەی چەمکەکان لە زۆرینەی زمانەکان شی دەکرێنەوەو شرۆڤە دەکرێن.

زۆربەی کات خوازە لەسەر بنچینەی کەلتووری واتاکەی دیاری دەکرێت(Koevicses, 2005, 360)
کوڤیکس ئاماژە بە (پەیکەری ئازادی) دەکات لە نیویۆرک و دەڵێت: "کە لەسەر بنچینەی مێژووی وڵاتی ئەمەریکا سێ جۆر خوازە لەم پەیکەرەدا بەدی دەکرێت، خوازەی یەکەم: جووڵەی ئازاد، خوازەی دووەم: جووڵەی تاریکی بەرەو ڕووناکی، خوازەی سێیەم: خوازەی بینین.

یەکەم خوازە: ئازادی لە ڕێگای زنجیرە شکاوەکانی پێی پەیکەرەکە دەردەخات، و خوازەی دووەم مەشخەڵی زانست، کە ڕێگای کۆزانینمان بۆ ڕووناک دەکات، و سێیەم خوازە خوازەی بینینە، کە هەر بۆ مەشخەڵ دەگەڕێتەوە، کە لە ڕێگای مەشخەڵ ڕووناکی دروست دەبێت و توانای بینینمان بەرز دەبێتەوە و لە ڕێگای بینین زانیاری بەدەست دێنین، زانیاری لە بارەی ژێرخانی کەلتووری وڵاتی ئەمەریکا پێویستە بۆ تێگەیشتن لە واتای خوازەیی، کە لە ڕێگای ئەم پەیکەرە خراوەتە ڕوو، هەرچەند کە لەوانەیە بە تێپەڕبوونی کات واتای خوازەیی پەیکەرەکە بگۆڕدرێن، چونکە لە ئێستادا واتای خوازەیی پەیکەرەکە زلهێزی و دەوڵەمەندی وڵاتی ئەمەریکایە(Trim, 2018, 12).

پەیکەری (خاچی ڕێگای ژیان) سوود وەردەگرێت لە جۆرێکی سەرنجڕاکێشی داهێنەرانە لە خاچ بۆ وەسفکردنی هەندێک بیری بنچینەیی لە ئایینی کریستانیەت. بەکارهێنانی خاچ وەکو سیمبوڵێکی ئایینی ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی هەیە.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەوانەیە خەڵکی سەرسام بن بە بیستنی ئەوەی کە بابەتی خاچ چەندین هەزار ساڵ پێش ئایینی کریستیانەکان سیمبولێکی ئایینی بووە، لە ڕاستیدا بابەتی خاچ سیمبولێکی بەپیتی (زاوزێ) بووە لە ئایینی فارسەکان و میسرییەکاندا.

بەکارهێنانی خوازەی ڕەنگی سپی لە زمانی کوردیدا بە واتای پاک دێت، بۆ نمونە کە دەڵێین: (ڕوو سپی بی)، واتە بە پاکی بژیت، بەڵام خوازەی ڕەنگی ڕەش بۆ نموونە جادووی ڕەش پێچەوانەیە و جادوویەکی مەترسیدارە.

ئەم جۆرە سیستەمە لە بەکارهێنانی خوازەی ڕەنگی لەسەر بنەمای پەیوەندی سیستەماتیکی نێوان ڕەنگەکان و ئەخلاق نییە، بەڵکو شتێکە لە نێوان کەلتووری زمانەوانی قسەکەردا هەیە( sweetser, 1990, 12).

نموونەیەکی تر کاتێک باسی ژیانێکی تاڵ دەکەین هۆکارەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو شتانەی کە تامیان تاڵە هەستێکی ناخۆشت لا دروست دەکەن، هەربۆیەش ژیان ئەگەر لەبەرچاوت ناخۆش بوو بە تاڵ وەسفی دەکەیت، یان بە پێچەوانەوە تامی شیرین خۆشە و هەستێکی خۆشت بۆ دروست دەکات، هەربۆیەش دەڵێین: یان "شام شەکرە، بەڵام وڵات شیرنترە".

ئەم جۆرە خوازەیە لەوانەیە گشتگیر بێت، چونکە پەیوەستە بە ئەزموونی جەستەی مرۆڤ و لەوانەیە لە زۆرێک لە کەلتوورەکاندا هەبێت.

بنچینەیی ترین بایەخی کەلتوورێک لەگەڵ پێکهاتەی خوازەیی بنچینەترین چەمکی هەمان کەلتوور یەکگرتوون، بۆ نموونە با سەیری چەند بایەخی کەلتووری لە کۆمەڵگەی خۆمان بکەین کە یەکگرتون لەگەڵ خوازەی فەزایانەی سەروو و خوارەوە کە دژیەکیان گونجاو نییە.

زۆرتر باشترو گونجاوە لەگەڵ (زۆر بەرەو سەرەوەیە) بەڵام کەمتر گونجاو نییە لەگەڵی، زۆرێک لە هەڵسەنگاندن لە نێوان کەلتوورێک بۆ کەلتوورێکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە کەلتووری ڕۆژئاوا (بەراز) هەڵسەنگاندنی پیسی و چاوبرسی بۆ دەکرێت، کاتێک کە بڵێین: ئەو زۆر بەرازە. واتاکەی ئەوەیە کە ئەو کەسێکی چەپەڵە، بەڵام لە کەلتووری کوردی ئەگەر بڵێین: دەڵێی بەرازە. واتا مەبەستمان ئەوەیە کە زۆر ڕقمان لێیە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لە وڵاتی چین (بەراز) هەمان واتای هەیە کە لە ڕۆژئاوا هەیەتی، بەڵام هەندێک جار واتایێکی تریشی هەیە کە بریتییە لە خۆشەویستی بۆ خۆشەویستەکەی و پەیوەندی بە ڕووخۆشییێکی هەرزەکارانە هەیە، ئەمە دەریدەخات، بۆ ئەوەی کە بەبێ زەحمەتی لە بەچەمککردنی خوازە لە هەر کەلتوورێک تێبگەین دەبێت چەمکەکە بە جوانی لەنێو هزری ئەندامانی کەلتوورەکە جێگیر بووبێت( Ungerer & Schmit, 2006, 120).

## 1. 3. خوازەی گشتی و خوازەی پەیوەست بە کەلتوور:

خوازە بە دڵنیاییەوە هەم شێوازی گشتی هەیە و هەم شێوازی پەیوەست بە کەلتوور، لێکۆڵینەوەی زمانەوانی درکپێکردن لەسەر هەست و سۆز دەریدەخات، کە خوازە لەنێو کەلتوورە جیاجیاکان بە هەمان شێوە دەردەبڕدرێت و تێی دەگەن، چونکە لەسەر بنەمای ئەزموون دامەزراوە، ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت گشتگیری خوازەی چەمکی(Kovecses, 2000). بەشێوازێکی سەرنجڕاکێش نموونە زمانەوانییەکان دەتوانن جۆراجۆر بن، لەژێر هەما خوازەی چەمکی و ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەر کەلتوورێک چۆن مامەڵە لەگەڵ بواری ئابستراکت دەکات و چۆن تێبینی دەکات. کۆفیس دەڵێت فیزیۆلۆژی مرۆیی دەتوانێت شرۆڤەکردنێکی بنچینەیی بێت بۆ گشتگیری خوازەی چەمکی. ئەو ئاماژە بە هەندێک نموونە دەکات لە دەربڕینی خوازەیی کە پەیوەستن بە جەستەی مرۆڤ، بۆ نموونە (تووڕەیی) کە لەنێو چوار زمانی جیاواز: ئینگلیزی، یابانی و چینی و هەنگاری بە دیکراون و دەریدەخات، کە چۆن هەر چوار زمانەکە بەلایەنی کەم لەیەک بە چەمک کردن هاوبەشن.

بۆ نموونە: تووڕەی شلەمەنی گەرمە لەنێو دەفرێکدا کە جەستەی مرۆڤ وەکو دەفرێک بە چەمک کراوە. لێکۆڵینەوە لەسەر خوازەی (تووڕەیی) کە لەلایەن( Geeraerts & Grondelaers, 2010 ) و زۆرێک لە لێکۆڵەران بڵاوکراونەتەوە چاوی ئێمەیان کراوە کردووە، کە چۆن کەلتوور ڕۆڵێکی گرنگی لە شێوە پێدان بە خوازە لەنێو زمانێکدا هەیە. تێبینیان کردووە کە خوازەی تووڕەیی لە ئینگلیزی ئەمەریکی و هەندێک لە کەلتووری (هیندۆئەوروپی) لە تێگەیشتنی کلاسیکی سەدەکانی ناوەڕاست مرۆڤ لە چوار خوومیزاج کە ئەویش لە چوار شلەمەنی پێکهاتووە بەڵغەم، ڕەشاو، زەرداوو خوێن، پێکهاتووە، کە نەک تەنیا کاریگەری لەسەر تووڕەیی هەیە، بەڵکو زۆر پێویستە بۆ جەستەی مرۆڤ.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بیردۆزی خوومیزاج هەروەها شرۆڤەی خوازەی هەست و سۆز کە تێک ئاڵاوە لەگەڵ فیزیۆلۆژی، سایکۆلۆژی و پزیشکی کە لەنێو زمانەکاندا هەن دەکات، بۆ زمانی یابانی (Matsuki, 1995) گرنگی (hara) ڕیخۆڵەکان کە دەفری هەستەکانە بەتایبەت تووڕەیی بەرز دەنرخێنێت.

ئەوە دوویات دەکاتەوە کە لە کەلتووری یابانی زۆر گرنگە، کە کۆنترۆڵی تووڕەیی بکرێت لەنێو ڕیخۆڵەکان. چونکە ڕیخۆڵەکان لە ڕاستی و ئامانجی ڕاستەقینەو خودی ڕاستەقینە پێکهاتووە. کە لە یابانی پێی دەڵێن (honne)، هەروەها (honne) بەراورد کراوە بە (tatemae) کە بە واتای ڕوخساری کۆمەڵایەتییە بە چەمکردنی (harra) بەشێوازێکی قووڵ لە کەلتووری یابانی بە جەستە کراوە (Wierzbicka) بەشێوازێکی قووڵ لە کەلتووری یابانی بە جەستە کراوە. (Wierzbicka) سووره لەسەرئەوەی کە هەرچەند ڕاستە کە بە شێوازێکی بێ ژمار لە هەر زمانێکدا چەمکی هەستی مرۆڤ بەدی دەکرێت و دەریدەبڕن، بەڵام هەر زمانێک کۆمەڵێک وشەی هەست و سۆزی ئامادەکراوی تایبەت بەخۆی هەیە، کە دەستنیشانی ئەو هەستانە دەکات، کە لەنێو تاکەکانی کۆمەڵگاکە دیارتر و زەقترن(Wierzbicka, 1986, 5).

لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن، کە مۆدێلە کەلتووریەکان بەشێوەیەکی بنچینەیی ڕاهێنان دەکەن بە قسەکەرەکان کە ئەو خوازانە هەڵبژێرن، کە لەگەڵ کەلتوورەکەو بیرکردنەوەی کۆمەڵگا دەگونجێن. هەر هەستێک خوازەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نموونە کاتێک باسی تووڕەیی دەکەین دەڵێین: لە تووڕەییان بەجۆش هاتبوو، هەمان ئەم خوازەیە بۆ ترس بەکار نایەت، چونکە لە کاتی ترسان دەڵێین لە ترسان وەک گەڵای چنار دەلەرزیم. کەواتە لە ترسان هەست بە سەرما دەکەین و لە تووڕەییان هەست بە گەرما. ئەم نموونەیە دەریدەخات کە هەر هەستێک تایبەتمەندی تایبەت بەخۆی هەیە وە بەشێوازێکی جیاواز بە چەمک دەکرێت لەلایەن قسەکەرەکانەوە، هەرچەند کە لەوانەیە لە کەلتوورێک تووڕەیی و ترس بە هەمان خوازە دەستنیشان بکرێن، بۆ نموونە لە زمانی ئیندۆنیزی ئاساییە ئەگەر بڵێین لە تووڕەییان دەلەرزی هەروەک چۆن لە ترسان دەلەرزی، هەربۆیەش گرنگە بزانین کەلتوور ڕۆڵێکی کاریگەری هەیە لە پێکهێنانی هزری کۆمەڵگا پێش بە چەمک کردنی بوارە ئەبستراکتەکان.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

### 3.2. خوازەو هەست و سۆزو کەلتوور:

دەتوانین بڵێین کە هەست و سۆز کە بەشێوازێکی کەسێتی ئەزموون دەکرێت ئابستراکتن و بەردەست ناکەون و نابینرێن. لە ڕووی سروشتی لەنێو هزر دان. کەواتە خوازە ئامرازێکی باشە کە یارمەتیدەرە بۆ شرۆڤەکردن و ئاشکراکردنی هەست و سۆزمان بۆ کەسانی تر. لێکۆڵینەوە دەریدەخات کە لایەنگری بەکارهێنانی زمانی هۆنراوەی ئاست بەرزتر دەبێت کاتێک کە کەسێک شرۆڤەی هەستەکانی دەکات لە ڕێگای بوارەکانی تر. کەواتە خوازە ڕۆڵێکی زۆر بەرچاوی هەیە لە هزرو بیرمان، وە نەک تەنها بیرو هەستمان کۆنترۆڵ دەکات بەڵکو بەشێوازێکی سەرسوڕهێنەر کردارەکانیشمان کۆنترۆل دەکات.

سەرەڕای ئەوەی کە خوازە شتێکی نائاسایی نییەو لەنێو هەموو زمانەکانی جیهاندا هەیە، هەندێکجار هەندێک خوازە تاکن کاتێک کە بەراورد دەکرێن لەگەڵ زمانەکانی تر بەجۆرێک کە خوازە هەست و سۆزو کەلتوور بەشێوازێکی زۆر نزیک و کاریگەر لەنێو یەکتری بەستراون، کارلێک دەکەن و کار بەیەکەوە دەکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی بەرەو پێشچوونیان.

لە ڕێگای خوازە لە شێوازی زمان دەتوانین ببینین، کە چۆن کەلتوور سەیری بوارێکی ئەبستراکتی وەکو هەست و سۆز دەکات و ئەم بوارە ئەبستراکتە بە کۆنتێکستێکی فۆلکلۆری ڕۆژانە دەبەستێتەوە کە پەیوەندی نێوانیان شێوە دەبەخشێت بە هزری قسەکەرەکانی زمانەکەو ڕێنماییان دەکات کە چۆن جیهان ببینن.

هەست و سۆز وەکو تایبەتمەندییەکانی تری مرۆڤ شتێکی هزرییە، کە لەنێو هزریاندا کرداری گرنگ ڕوودەدات، بۆ نموونە وەرگێڕانی ئەو ڕووداوانەی کە خۆی لەنێویان بەشدار بووە. هەرچەند کە هەست و سۆزەکان بەشێوازێکی گشتی لەلایەن مرۆڤەکان بە ئەزموون بکرێن، بەڵام دەبینرێت کە چۆن لە ژێر کاریگەری قووڵی کەلتوور دان، کەواتە کاتێک کە کەسێک بەنیازە هەستەکانی دەربڕێت لەوانەیە بۆ پەیامە سادەکان زمانی ئاسایی بەکاربێنێت، بەڵام بۆ پەیامە ئاڵۆزەکان خوازە بەکاربێنێت کاتێک کە خوازە بەکاردێنێت لەوانەیە هەردوو شێوازی گشتی و کەلتووری بەکاربێنێت. گشتی بەکاردێنێت چونکە هەست و سۆز شتێکی گشتییە و کەلتووری بەکاردێنێت چونکە خۆی لەنێویدا ژیاوە. بە ڕەچاوکردنی خوازە و بە چەمکردنی و پەیوەندیەکەی بە کەلتوور لێکۆڵەران دەڵێن کە خوازە لەسەر بنەمای ئەزموونی جەستەیی بنیاتنراوە، وە ئەزموونی جەستەیی تەنها جۆری خوازە دیاری دەکات کە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئایا لەنێو کەلتوورێکدا هەڵبژێردراوە کە پەیوەستە بە مۆدێلی کەلتووری کە لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا هاوبەشە. کەواتە جۆراجۆری کەلتووری بۆ خوازەی هەست و سۆز بوونی هەیە.

## 4ـ گشتگیریی و جۆراوجۆری خوازە:

بەپێی ڕوانگەی ستانداردی خوازە لەلایەن چوارچێوەی لاکۆف و جۆنسۆن خوازە لەسەر ئەزموونی جەستەی مرۆڤ بنیات نراوە، بۆ نموونە ئێمە بە شێوازێکی خوازەیی سۆزداری بە گەرما سەیر دەکەین (Koevicses, 1986, 1010). بەهۆی ئەزموونی کاتی منداڵیمان لە نێوان باوەش گرتنی دایک و باوکمان و ئاسودەیی گەرمای جەستەیی لە نێوانمان لە دوای باوەش گرتنەکە. بیرکردن لە (سۆزداری گەرمایە)و دەربڕینی (ئێمە پەیوەندییەکی گەرممان هەیە)، سەرهەڵدانەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەزموونی جەستەییمان، بە دڵنیاییەوە هیچ کەسێک پێی سەیر نییە کە گوێی لێبێت کە سۆزداری بەشێوازێکی گشتگیر بە گەرما بە چەمک کراوە نەک بە سەرما. فێربوونی ئەم خوازە سەرەتاییانە شتێک نییە کە هەڵیبژێرین، بەڵکو بەشێوازێکی لەخۆوەو بێ ئاگا ڕوودەدات، چونکە ئەوە ئەزموونێکی جەستەیی گشتگیرە، ئەم دەربڕینە خوازەییانەش لەوانەیە گشتگیربن، بە واتایەکی تر ئەزموونێکی گشتگیر خوازەی سەرەتایی گشتگیر دەئافرێنێت، بەڵام کاتێک کە سەیری خوازە لە زمانەکانی تری جیهان دەکەین هەست بەوە دەکەین کە خوازەی زۆر هەیە لە زمانەکانی ترو زمانی خۆشمان کە گشتگیر نین و لەوانەیە وەکو خوازەی گشتگیر ڕێژەیان زۆر بێت. کەواتە جۆراوجۆری خوازە بە هەمان ئاستی خوازەی گشتگیر گرنگی خۆی هەیە. جۆراوجۆی خوازە چەندین شێوازی هەیە بۆ نموونە خۆشەویستی لەوانەیە بە سەفەر، بە یەکبوون، بەراورد کردن و... چەندین شێوازی تر بە چەمک بکرێن لە زۆرێک لە کەلتوورەکانی تر، وەکو لە زمانی ئینگلیزی، هەنگاری، چینی،.... بۆ نموونە هەندێک لە دیالێکتەکانی زمانی چینی خۆشەویستی فڕینی کۆلارەیە.

تورەیی بە شلەمەنی یاخود گاز لە زۆرێک لە کەلتوورەکان بە چەمک کراوە، بەڵام لە زمانی زولو (zulu) بە کەلوپەلێک لەنێو دڵدا بە چەمک کراوە(Ridal, 2000). ژیان بە سەفەر یاخود بە تێکۆشان کراوە، بەڵام لە یەکێک لە دیالێکتەکانی چینی بە زنجیر بە چەمک کراوە. خوازەی سەرەتایی زۆرمان هەیە وەکو لە هۆکارەکان پاڵنەرن (تۆ خەریکە شێتم دەکەی)، ڕووداوەکان جووڵەن (لێرەدا چی دەگوزەرێت؟)، بەرەو پێشچوون جووڵەیە بۆ پێشەوە (ئێمە هیچ پێشکەوتنمان نەبووە لە کارەکەمان)،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مەبەست گەیشتنە بەخاڵی کۆتایی (ئەو گەیشتە ئامانجەکەی)، کێشە بەربەستە (با هەوڵبدەین بەسەر کێشەدا زاڵبین) (ئەمەش تێدەپەڕێت) (چەندین کێشە هاتنە سەر ڕێگای ژیانم).

بەم ڕوانگەیە خوازەی سەرەتایی لەوانەیە لە یەک بدرێن لەنێو زمانەکان و کەلتوورەکانی جیاواز بکرێن بە خوازەی تێکەڵ، وەکو: ژیان سەفەرە، خۆشەویستی سەفەرە، بەجۆرێک کە بەشێوازی چەمکی گونجاو یان نەخشەکێشراو کاردەکەن لە نێوان بواری سەرچاوەو ئامانجدا. تێکەڵکردنی خوازەی سەرەتایی تایبەتە بە زمان، و لەوانەیە خوازەی سەرەتایی گشتگیر بێت. خوازەی تێکەڵ پێ دەچێت کەمتر گشتگیر بێت، کەلتوور بەشێوازێکی زۆر بەرچاو کاریگەری هەیە لەسەر خوازەی چەمکی تێکەڵ کە لە خوازە سەرەتاییەکان سەریان هەڵداوە. هەرچەند کە ئەمە تەنها بەشێکە لە بابەتی خوازەو کەلتوور، دەبێت بڵێین کە مەرج نییە ئەزموونی گشتگیر ببێتە هۆی سەرهەڵدانی خوازەی گشتگیر. ئەزموونی جەستەیی تەنها یەکێکە لە ڕێگاکانی ئافراندنی خوازە، کەلتوورو پرۆسەی هزریی بەش بە حالی خۆیان هۆکارن بۆ ئافراندنی خوازەو هەندێک جار لەوانەیە کە کەلتوور و پرۆسەی هزریی ئەزموونی جەستەیی هەر لەبەرچاو نەگرن(Koevicses, 2005, 5).

لە پەیوەندی خوازەو کەلتوور خوازەی تێکەڵ و ئاڵۆز گرنگی زیاتری هەیە لە بەرانبەر خوازەی سەرەتاییدا، چونکە ئەندامانی کۆمەڵگا زیاتر لەگەڵ خوازەی ئاڵۆزدا هەڵسوکەوتیان هەیە لە بیرکردنەوەیان و لە دەقە کەلتووریە ڕاستەقینەکاندا. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین خوازە لە هەمان ئاست کە دیاردەیەکی درکییە لە هەمان ئاستیشدا دیاردەیەکی کەلتووریە.

کۆفیکسی پێی وایە کە خوازەی چەمکی یەک یان چەندین چەقی واتایی هەیە، لێرەدا مەبەست ئەوەیە کە هەر بوارێکی سەرچاوە هاوبەشە لە بابەتی چەمکی پێشتر دیاریکراو بۆ مەودای بواری ئامانج، ئەو بابەتە چەمکییە لەلایەن قسەکەرەکانی کۆمەڵگا کە لەسەری پێکهاتوون و کۆزانینی بنچینەیی و ناوەندی لەبارەی سەرچاوە دەخاتەڕوو، بە واتایەکی تر زۆرینەی بوارەکانی سەرچاوە کە دەدرێنە پاڵ چەندین چەمکی ئامانج شتێکیان هەیە وەکو بابەتی سەرەکی، بۆ نموونە سەفەر وەکو چەمکی سەرچاوە بابەتە سەرەکیەکەی بیرۆکەی پێشکەوتنە (چ بۆ ژیان یان بۆ خۆشەویستی)، گەرما وەکو چەمکی سەرچاوە بۆ خستنەڕووی بەتین بوونە، بیناو خانوو بەکاردێت بۆ پێکهاتەی ئەبستراکتی بەردەوامی و ئافراندن.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

کۆفیسکی پێی وایە کە بواری سەرچاوە کە کۆمەڵگا لەسەری پێکهاتووە ڕێگامان پێدەدات کە لە گۆڕانی نێو کەلتووری بواری سەرچاوەو پەیوەندییان بە بواری ئامانج تێبگەین، کۆفیسکی وای بۆ دەچێت کە هۆکاری جۆراوجۆری خوازە لە کەلتوورە جیاوازەکان بگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە ئەزموون و پرۆسەی هزریی کۆمەڵگاکان کە دەبنە هۆی دروستبوونی خوازەی جیاواز لە کەلتووری جیاوازدا.
پێ دەچێت کە چەندین زمان کە لە ڕەچەڵەکی جیاوازن هاوبەش بن لە چەندین خوازەی چەمکی بۆ چەمکی هەست و سۆز، یەکێک لەم چەمکانە چەمکی (خۆشی)یە، ژمارەیەکی زۆر لە چەمکی (خۆشی) هەن وەکو:
ـ لە خۆشیان خەریک بوو بفڕێت (خۆشی بەرزبوونە).
ـ لەنێو خۆشیدا غەرق ببوو (خۆشی شلەمەنیە لەنێو دەفرێکدا)
ـ لە خۆشیان باڵی گرت (خۆشی بەرزبوونەوەیە).
لە زمانی ئینگلیزیدا هەمان دەربڕین هەیە، (I am feeling up) هەست بە بەرزی دەکەم (دڵخۆشم)، (he was overwhelmed with joy) لەنێو خۆشیدا غەرق بوو، (she is in cloud nine) لەسەر هەوری نۆیەمە لە خۆشیان، لە زمانی چینی هەمان جۆر دەربڕینمان هەیە (ڕۆحی لە خۆشیان بەرزبووەوە). لە زمانی هەنگاری: ئەم فیلمە منی بەرزکرد (خۆشی پێ بەخشیم)، لە خۆشیان دەفڕێت.
جێگای باسە کە ئەم خوازانە لە هەر چوار زمانەکەدا هەن، هەرچەند کە ئەم چوار زمانە لە یەک خێزان نین و کەلتووری جیاوازیان هەیە کە لە پەیوەندییەکی زۆر کەم دان لەگەڵ یەکتری، کەواتە چی وای کردووە کە ئەم زمانانە خوازەی هاوشێوە لە یەک نزیکیان هەبێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەکرێت سێ هۆکاری هەبێت: ١ ـ بەڕێکەوت ئەمە ڕوویداوە، ٢ ـ زمانێک لە زمانێکی تر وەری گرتووە، ٣ ـ پاڵنەرێک هەیە کە گشتگیرە. ئەگەر وابێت کە زاناکانی زمانەوانی درکپێکردن باسی دەکەن کە خوازەی سادەو سەرەتایی پاڵنەری سەرەکییان ئەزموونی جەستەیە، دەبێت بڵێین کە هۆکاری سێیەم باشترین هەڵبژاردەیە(Koevicses, 2005, 38)، لە ڕاستیدا کاتێک کە ئێمە خۆشحاڵین ئێمە چالاکترین وەکو منداڵ هەڵدەپەڕین بە پێچەوانەی غەمبار بوون کە ڕوومان لە خوارەوەیە و توانای جووڵەمان نییە لە جێگایەک کپ دەبین. ئەمانە هەمووی ئەزموونی گشتگیرن و دەبنە هۆی سەرهەڵدانی خوازەی چەمکی سادە و سەرەتایی.

هەروەها چەمکی توڕەییش بەهەمان شێوەی چەمکی خۆشی لە چەندین زمان لەسەر بنەمای خوازەیی چەمکی (توڕەیی دەفرێکی گوشار لەسەرە)، ئەم خوازەیە یەکەمجار لەلایەن لاکۆف و کۆفیسکی خرایەڕوو (Koevicses, 1986) و(Lakoff, 1987) و(Lakoff & Koevicses, 1986)، دواتر لەلایەن چەندین لێکۆڵەری تر کە لەسەر چەندین زمان لێکۆڵینەوەیان کردبوو.

چەند دەربڕینێک لەسەر بنەمای خوازەی چەمکی: (توڕەیی دەفرێکی گوشار لەسەرە، خوێنی بەجۆش هاتووە، ڕەنگی سوور هەڵگەڕاوە، دواتر سارد بووەوە، ئاگری لێ دەبارێت).

لە لێکۆڵینەوەکە دەرکەوت کە لە زۆربەی ئەو زمانانەی کە لێکۆڵینەوەیان لەسەر کردبوو خوازەی چەمکی (توڕەیی دەفرێکی گوشار لەسەرە) بەدیکراوە لە هەموو دەربڕینەکان کە لەسەر توڕەیی هەبوون، هێزێک لەنێو کەسێک هەبووە کە وای لە کەسەکە کردووە کە گوشار بکەوێتە سەر کەسەکە.

لە زمانی ئینگلیزی (He just exploded)، لە کوردی خۆمان ئەو لە توڕەییان خەریکبوو بتەقێت.

لە زمانی ئینگلیزی (don't get hot under the collar)، لە کوردی بە هێور بوونەوەو سارد بوونەوە لە توڕەیی ئاماژەی پێ دەکرێت.

لە زۆرێک لە زمانەکانی تر وەکو هەنگاری، یابانی، چینی، هەمان خوازە، بەدیکراوە، هۆکاری ئەم گشتگیریە دەگەڕێتەوە، بۆ ئەزموونی جەستەییمان کە لە کاتی توڕەیی لاشەمان گەرم دەبێت و دەم و چاومان سوور هەڵدەگەڕێت، هەربۆیەش لە زۆرینەی زمانەکان ئەم جۆرە دەربڕینانە هەن، چونکە ئەمە ئەزموونێکی گشتگیرە لە کاتی توڕەبوون لاشە گەرم دەبێت، پەستانی خوێن زیاد دەکات و دڵمان خێراتر لێ دەدات و هەناسەمان توند دەبێت و هەست و سۆزی ترمان بۆ دروست دەبێت وەکو ترس و نیگەرانی، کە ئەمانە هەموویان هۆکارن بۆ دروستبوونی دەربڕینی جیاواز لەسەر توڕەبوون و ترس و شەرم کردن و زۆر چەمکی تری هەست و سۆزی. هەرچەند کە هەندێکجار هەمان چالاکی جەستەیی واتای تری وەرگرتووەو بەجۆرێکی تر سەیر کراوە لە هەندێک کەلتووردا(Koevicses, 2005, 43).

## ئەنجام

1. زۆرێک لە چەمکەکان بەشێوازی خوازەیی دەردەکەون، وەک: کات،-هەست، سۆز...، دەبێت بەشێوازێکی ئاماژەیان پێ بکەین، چونکە چەمکی کات و هەست و سۆز ئەبستراکتن، بۆ تێگەیشتن سود لە چەمکی کۆنکرێت وەردەگیرێت.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2. هیچ جیاوازیەک نییە لە نێوان ڕاستی دەقاودەق و ناڕاستی دەقاودەق.
3. بۆ تێگەیشتن لە هەموو چەمکێک پێویستمان بە کۆنتێکست هەیەو ناتوانرێ جیا بکرێتەوە بۆ تێگەیشتن لە واتا.
4. هەندێک لە خوازەمان هەیە گشتگیرن و هەندێکیان پەیوەست بە کلتورن و بەپێی کلتور دەگۆڕێ.

## سەرچاوەکان


❖ ئەحمەد، عبدالمنالف رەمەزان، ٢٠١٧ز، میتافۆڕ لە زمانی کوردیدا (دیالێکتی کوردی ناوەڕاست و سەبدیالێکتی کوردی شەبەک بە نموونە، (نامەی دکتۆرا – زانکۆی سەلاحەددین).
❖ علی، بەکر عومەر، ٢٠٠٠ز، میتافۆڕ لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، (نامەی دکتۆرا – زانکۆی سلێمانی).
❖ علی، بەکر عومەر، ٢٠١٤ز، چەند لایەنێکی زمانەوانی، چاپخانەی هێڤی – هەولێر.
❖ عوسمان، هەرێم، ٢٠١٣ز، چەمکی مردن لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی هاشم، هەولێر.
❖ محمدامین، گوڵچین عزیز، ٢٠١٥ز، میتافۆری کار لە زمانی کوردیدا، (نامەی ماستەر – زانکۆی سۆران).
❖ عمر، هەڵمەت سەردار، ٢٠١٣ز، پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر.
❖ Aitchison, J. (2004) Metaphors, models and language change (39-54) .In
❖ Motives for Language Change. (Ed.) Raymond Hickey .Cambridge University Press.
❖ Boroditsky, L., & Ramscar, M. (2002). The roles of body and mind in abstract thought. Psychological science, 13(2), 185-189.
❖ Evans, V., & Green, M. (2006). Cognitive linguistics: An introduction. Edinburgh: Edinburg University Press.
❖ Geeraerts, D. (2010). Theories of lexical semantics. Oxford / NY: Oxford University Press.
❖ -Johnson, M. (1987). The body in the mind: The bodily basis of meaning, imagination, and reason. Chicago / London: The University of Chicago
❖ Koevecses, Z. (1987) Metaphors of anger, Pride and Love. John Beniamins Publishing.
❖ Koevecses, Z. (2002) Metaphor a Practical Introduction. Oxford University Press, Inc .
❖ Koevecses, Z. (2015). Where Metaphors Come From. Oxford University Press, Inc.

- Kövecses, Z. (2016). Conceptual metaphor theory. In The Routledge handbook of metaphor and language (pp. 31-45). Routledge.
- Lakoff, G. & Koevecses, Z. (1987). The Cognitive Model of Anger Inherent in American English. (195–221). In D. Holland and N. Quinn (Eds.), Cultural Models in Language and Thought . Cambridge University Press. New York:
- Lakoff, G. (1987). Women, Fire, and Dangerous Things. The University of Chicago
- Lakoff, G., & Johnson, M. (1980). Metaphors we live by. London: The university of Chicago press .
- Matsuki, Keiko. "Metaphors of anger in Japanese". Language and the Cognitive Construal of the World, edited by John R. Taylor and Robert E. MacLaury, Berlin, New York: De Gruyter Mouton, 2010, pp. 137-152.
- Ning, Yu (1998). The Contemporary Theory of Metaphor. John Benjamin's B.V
- Stockwell, P. (2002). Cognitive poetics: An introduction. London / NY: Routledge.
- Sweetser, E. (1990) From etymology to pragmatic. Cambridge University Press.
- Turner, M. & Fauconnier, G. (2002) The Way We Think: Conceptual Blending and the Mind's Hidden Complexities. Basic Books N.Y
- Ungerer, F. & Schmid, H.J.(2006). An introduction to cognitive linguistics (2nd ed.). United Kingdom: Pearson Education..
- Wierzbicka, A. (1995). Emotion and facial expression: A semantic perspective. Culture & Psychology, 1(2), 227-258.


# The Most Common Concepts of Metaphor

**Bnar Abdul-Jabbar Jamil**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
bnarjabar33@gmail.com

گۆڤاری قەڵای زانست

گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق

بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**Asst. Prof. Dr. Omar Mahmoud Karim**
Department of Kurdish Language, College of Education, Koya University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
Omar.Mahmood@Koyauniversity.org

***Keywords:*** *Metaphor, Conceptual Metaphor, Meaning of expressions, Context, Abstract.*

## Abstract

This study, which is part of a PhD thesis, entitled "Conceptual Metaphor in Kurdish Language." We have concentrated on ideas that are widely held and cannot be overlooked. To identify data obtained from daily uses, George Lakoff and Mark Johnson's approach is employed. Traditional linguists argued that semantics is solely truth conditional, that metaphor is a literary device, and that no context is required to grasp a statement.

We are intended to show that there is no difference between poetry and everyday language in this research; the only distinction is that poetry is richer, and context is required to grasp the meaning of expressions. The significance of this research is that it refutes the viewpoint on metaphor as only a literary device, and we have many common conceptions in which they have taken up a significant portion of our daily discourse.

---

## أكثر مفاهيم الاستعارة شيوعًا

**ملخص:**

هذه الدراسة التي هي جزء من اطروحة دكتوراه بعنوان "الاستعارة المفاهيمية في اللغة الكردية". لقد ركزنا على الأفكار المنتشرة على نطاق واسع والتي لا يمكن التغاضي عنها. لتحديد البيانات التي تم الحصول عليها من الاستخدامات اليومية، تم استخدام نهج جورج لاكوف ومارك جونسون. جادل اللغويون التقليديون بأن علم الدلالات هو مجرد حقيقة مشروطة، وأن الاستعارة هي أداة أدبية، وأنه لا يوجد سياق مطلوب لفهم العبارة.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(٣)، پایز ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

نهدف إلى إظهار أنه لا يوجد فرق بين الشعر واللغة اليومية في هذا البحث. الفارق الوحيد هو أن الشعر أكثر ثراءً، والسياق مطلوب لفهم معنى التعبيرات. تكمن أهمية هذا البحث في أنه يدحض وجهة النظر حول الاستعارة باعتبارها مجرد أداة أدبية، ولدينا العديد من المفاهيم المشتركة التي تناولوا فيها جزءًا كبيرًا من خطابنا اليومي.